HelinMedia
Kurdistan Women Union Media Network

هێلین

ڕۆڵی دایک لەفێربوونی زمانی دایک لای منالڵ

ناسک سعید

مانەوە و بەردەوامبوونی هەر نەتەوەیەک و سەرکەوتنی لەو ڕێچکەیەی دەیگرێتە بەر بۆ بەرەو پێگەی دەوڵەتبوون و سەربەخۆیی لەسەر بنەمای هەبوونی زمانێک کە خەڵکەکەی بتوانن قسەی پێ بکەن و، لەوەش گرنگتر پێی بخوێنن و بنووسن، بنیاد دەنرێت، واتە زمانێکی یەکگرتوو هەبێت کە لەچوارچێوەی ئەو کۆمەڵگەیەدا بووبێتە زمانی فەرمی، ئەمەش بە پەروەردەکردنی تاک لەخێزان و کۆمەڵگە دەتوانرێت ئەو زمانە گەشە پێ بدەن.

زامنکردنی بنیادنانی زمانێکی پاراو و ڕەوان لە منداڵ و تاکی خێزاندا لەو چرکە ساتەوە دەست پێ دەکات کە لەناو خێزان و چواردەوری خۆیدا گوێ بیستی زمانی دایک بێت، واتە ئەو زمانەی کە خێزانەکەی قسەی پێدەکەن و بەکاریدەهێنن.

ئەو بابەتەی ئەمڕۆ لە لایەن زمانناسەکانەوە گرنگی تایبەتی پێدەرێت و هەڵبەت جۆری پەیوەندییەکە پەیوەندییەکی دەروونناسی- کۆمەڵناسی – زمانناسییە، لێکدانەوەو کارکردی زمانی دایکە. زمانی دایک (Native language) ئەو زمانەیە کە تاک بەو زمانەوە لە دایک ئەبێت، یان وەک سارتردەڵێت ئەو زمانەیە تاک لە کۆمەڵگەیەکدا لە دایک دەبێت و گەورە دەبێت کە هەڵگری ئەو زمانەن. بەو زمانە گەورە دەبێت و مانا ئەدات بە ئاوات و خواستەکانی خۆی. بەو زمانە خەم و ئازارەکانی دەردەبڕێت یان ئەوەی مانا دەبەخشێت بە خۆشی و شادییەکانی. ڕەنگە بکرێت بڵێین زمانی دایک یەکەم شتە کە مرۆڤ لە بوونی خۆیدا وەری دەگرێت و لەو پانتایەدا دەتوانێت هەناسە بدات و هەست بە ژیان بکات. زمانی دایک بەشێکی جیانەکراوەی بوونی مرۆڤە و تێکەڵ بە خوێن و بوونی ئەو کەسە بووە و بەدرێژایی ژیانی لەگەڵیدا دەژی.

مرۆڤ لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە ئەتوانێت هەستە مرۆڤییەکانی خۆی دەرببڕێت. فرۆید لە سەر ئەو باوەڕەیە مرۆڤ لە ڕێگەی زمانی دایکەوە هەستی راستەقینەی خۆی دەرببڕێت. هەست لە دەرەوەی زمانی دایکەوە هەستێکی نمایشییە. تەنانەت باس لەوە دەکات ئێمە کە خەو دەبینین ئەگەر زۆر شارەزای تەواوی کەلێنی زمانێکی جیاوازیش بین لە زمانی دایکی، بەڵام هەر بە زمانی دایکی خەو دەبینین، لەبەر ئەوەیە زمانی دایکی بەشێکی جیانەکراوەیە لە بوونی ئێمە. لەم ڕووەوە سەرکوتکردنی زمانی دایکی سەرکوتکردنی دەروونی مرۆڤە. واتە کوشتنی تاک و کۆمەڵە بە مانا مرۆڤییەکەی. ئەگەر ئەو ڕوانگەمان بەلاوە پەسەند بێت کە زمان واتە مانا، کە وایە کوشتنی مانا لە مرۆڤدا خاڵی کردنەوەی مرۆڤە لە بوونی خۆی. هەر لەم ڕووەوەیە لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا گرنگییەکی زۆر دراوە بە فێربوونی زمانی دایک.

زمانی دایک بەو زمانە دەوترێت کە منداڵ لە ناو بنەماڵە و لە گەڵ ئەندامانی بنەماڵە، لە کۆڵان و بازاڕ و لە هاوڕێ و هاوڕییەکانییەوە فێر ئەبێت. جێنوا سپیتەرمەن مامۆستای زمانناسی زانکۆی میشیگان، لەگەڵ ئەوەی سەدەی بیست و یەکەم بە سەدەی بان کۆلۆنیالیزمی زمانی ناو دەبات، جەخت لەسەر گرنگی خوێندنی منداڵ بە زمانی دایک دەکاتەوە. ئەو زمانی دایک بە میراتێکی گەورەی مرۆڤایەتی ئەزانێت. ئەو زمانە دایک وەک یەکەم کارەکتەر دەتوانێت فێری منداڵەکەی بکات لەئەنجامی بەریەکەوتنی بەردەوام و قسەکردنی لەگەڵ کۆرپەکەی هەر لەساتەوەختی دروستبوونی کۆرپەکەی لەکاتی دووگیانیدا تا دەگاتە لەدایکبوون و گەورەبوونی، چونکە منال لەزمانی هێما و دەنگی دایکی باشتر تێدەگات و هەوڵی دووبارەکردنەوەی دەدات، لەم ڕوانگەوەیەوە کە دەوترێت باشترین قوتابخانە بۆ فێربوونی زمان لای منال دایکیەتی چونکە دایک دەتوانێت باشتر مامەڵەی فێربوون لەگەڵ منداڵەکەی بەئەنجام بگەیەنێت.

دایکان لەهەر ئاستێکی ڕۆشنبیریدابن لەتوانایاندا هەیە جڵەوی گەشەی زمانیی منداڵەکانیان بکەن، هەمیشە دایکان ڕۆڵی وەرگێڕ دەبینن لە وەرگێڕانی زمانێک کە هەڵگری پەیامێکەو لە دەوروبەرییەوە سەرچاوەی گرتووەو ئاڵۆزە بۆ زمانێکی سادەو ساکار کە منداڵەکەی لێی تێدەگات، ئەم دیاردەیەش بە گریمانەی دایکانی بەهێز ناودەبرێت (Strong Mothers Hypothesis) دەبینین زۆرینەی دایکان کۆششی ئەوە دەکەن، کە ژینگەیەکی لەبارو تەندروست بخوڵقێنن بۆ گەشەی توانا زمانییەکانی منداڵەکانیان، ئەویش بەپەنابردنە بەر ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆری بەکارهێنانی زمان کە گونجاو بێت لەگەڵ ئاوەزی منداڵەکە، بۆ نموونە جەختکردنەوە لە دووبارەکردنەوەی وشەو دەربڕاوەکان بە منداڵانو گفتوگۆکردنی بەردەوام

> بنیادنانی زمانێکی پاراو و ڕەوان لە منداڵ و تاکی خێزاندا لەو چرکە ساتەوە دەست پێ دەکات کە لەناو خێزان و چواردەوری خۆیدا گوێ بیستی زمانی دایک بێت، واتە ئەو زمانەی کە خێزانەکەی قسەی پێدەکەن و بەکاریدەهێنن

لەگەڵیان تەنانەت لەتەمەنی ساواییەوە پێویستە قسە بۆ منداڵ بکرێت، چونکە توێژینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە کە منداڵ پێش ئەوەی زمانی بپژێت لەوانە تێدەگات کە دەوروبەری پێی دەڵێن دواتر هێواش هێواش هەوڵی لاسایکردنەوەی گەورەکان دەکاتو بەشێوەیە زمانی دەپژێت.

لەلایەکی دیکەوە، زۆر گرنگە دایکان لەگەڵ منداڵەکانیان بەو زارە یان شێوەزارەی، کە دایکەکە خۆی پێی دەدوێت، بدوێت، هەر لەمنداڵیەوە فێری بکات کە شانازی بەزارەکەی خۆیەوە بکات، چونکە دواتر منداڵ خۆی لە قوتابخانە فێری زمانی فەرمی دەبێت و دەتوانێت قسەی پێ بکات و پێی بنوسێت تەنانەت ئەگەر لەوڵاتی خۆشی نیشتەجێ نەبوو، چونکە گرنگە دایک بەو جۆرە قسە لەگەڵ منداڵەکەی بکات کە شێوەزاری سەرەکی خۆیەتی.

ڕۆژی زمانی دایک

دهۆک بەرۆژی

ڕۆژی ٢١ی شوبات ڕۆژی جیهانی زمانی دایکە، لەوەها ڕۆژێکدا لە سالی ١٩٥٢ پۆلیسی پاکستانی ڕۆژهەلاتی ئەوکات، کە پاشان بوو بە بەنگلادێش، تەقەی لە خوێندکارانی زانکۆی ”داکا“ کرد کە خوازیاری خوێندن بە زمانی بەنگالی بوون و ژمارەیەکی لیکوشتن. بەو بۆنەیەوە ڕێکخراوی زانستی، فەرهەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان ”یونسکو“ بۆ ڕێزگرتن لە زمانی دایکی و هەروەها وەبیرهێنانەوەی خوێندکارە کوژراوەکان، لە ساڵی ١٩٩٩ ئەو ڕۆژەی بەفەرمی کردە ڕۆژی جیهانی زمانی دایکی، یان ڕۆژی زمانی زگماکی.

هەتا ئێستا لەجیهاندا سەدان زمان و نەتەوەی زیندوو هەیە و ڕەنگە لەوە زیاتریش زمان و نەتەوەی جیاواز بووبن کە بەداخەوە ئاسەواریان نەماوە و لەنێو زمان و نەتەوەبالادەستەکاندا ئاسێمیلە بوون و تواونەتەوە. زمانی هەرنەتەوەیەک تەنیا میراتی ئەو نەتەوەنییە کە پێیدەدوێ، بەڵکو میراتی مرۆڤایەتییە و پاراستنی لەفەوتان، پاراستنی فەرهەنگ و کەرامەتی کۆمەڵگای جیهانییە. لەوسۆنگەیەوە دەسەڵاتەداگیرکەرەکان و ئەو ڕێژیم و نەتەوە باڵادەستانەی هەوڵی سرینەوەی زمان و شوناسی نەتەوە ژێردەستەکان دەدەن، لەڕاستیدا بەگژ مرۆڤایەتی لەتەواویەتی خویدا دەچنەوە و تەنیا ستەم لە نەتەوەیەک لە زمانێک ناکەن.

نەتەوەی کورد یەکێک لەو نەتەوانەیە کە سەرەڕای ژێردەستەیی و دابەشبوونی خاک و سەرزەمینەکەی لەلایەن داگیرکەرانەوە و دابەشبوونی بەسەر چوار وڵاتدا، توانیویەتی هەرچۆنێک بێ، زمان و شوناسی نەتەوەیی خوی بپارێزێ و ئێستا زمانی کوردی، یەکێک لە گەورەترین زمانە زیندووەکانی جیهانە. ئەوە لەحالێکدایە داگیرکەران بەدرێژایی مێژووی کۆن و سەردەم هەوڵی کوشتن و قڕکردنی نەتەوەی کورد و بێ بایخکردنی زمانەکەی و لەئەنجامدا لەناوبردنی شوناسیی نەتەوەیی کوردیان داوە. داگیرکەران تێکۆشاون کورد بتوێننەوە و هەموویان لە چواربەشی کوردستان سەرەڕای ناکۆکیی و کێشەو تەنانەت شەڕو پێکدادانیان، لەسەر سەرکوتی نەتەوەی کورد و تواندنەوەی بەهەرچەشنێک بێ کۆک بوون و لەو سۆنگەیەوە تاڕادەیەکیش سەرکەوتوو بوون. بۆ وێنە لەتورکییە، ڕێژەی کوردی بەتورک کراو لەو کوردانەی بە زمانی کوردی دەدوێن زۆر کەمتر نییە. بەپێی ”دیئەئێی“ زمانی تەنیا لەسەدا دەی خەڵکی تورکییە، تورکی ڕەسەنن و لەسەدا نەوەدەکەی لە کورد و لاز و چەرکێس و ئەرمەن و ... پێکهاتوون و ئێستا جگە لە کورد، ئەوانی دیکە زمانیان تواوەتەوە و بە تورکی دەدوێن و شوناسی نەتەوەییان نەماوە.

لە درێژەی سیاسەتی سەرکوتی کورد و لەنێو بردنی شوناسی نەتەوەییەکەی، دەبینین لە ئێران بە کوردیان دەگوت سنوورپارێزانی چاونەترس“ مرزبانان غیور“ و لە تورکییە هەتا ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو حاشایان لەبوونی کورد دەکرد و بە کوردیان دەگوت“ تورکی شاخی“. لە عێراق و سووریەش چ نەما بەسەر نەتەوەی کوردی نەهێنن و ئێستاش ئاسەواری ئەنفال و کیمیاباران و تعریب بە جەستەی ئەو دووبەشە لە نیشتمانی کوردەوە دیارە. بەوحاڵەش کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان وەک فاکتەرێکی گرنگی نەتەوەیی و سیاسیی دەوری خۆی دەبینێ و کەس ناتوانێ نکوولی لێبکات. هەر ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی بەفەرمی هیچ دەورێکی لە خوێندندا نییە، بەڵام بە هیممەتی چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی، زمانی کوردی لەگەشەکردن دایە و شوناسی نەتەوەیی لە هەموو ناوچەکانی، لەماکۆوەرا هەتا خوارەوەی سنوورەکانی کوردستان بەرز بووەتەوە. لە باشووری کوردستان زمانی کوردی و نەتەوەی کورد داهاتوویەکی ڕوونی لەبەردەمە و ئەوە بۆ زیاتر لە چارەگەسەدەیەک دەچێ کە کورد دەسەڵاتی خۆی بەدەستەوەیە. لەبەشەکانی دیکەی کوردستانیش دۆخەکە هەرچەند بەدڵی کورد بەتەواوی نییە، بەڵام مەترسی ئاسێمیلاسیۆن و توانەوەی کورد ڕەویوەتەوە. بەوحاڵەش نابێ لەبیرمان بچێ ئێستا کە دوژمنان دەزانن ناتوانن زمانی کوردی بفەوتێنن، بەتەمای شێواندنی ئەو زمانەن و لەهەموو ڕێگایەکەوە هەوڵ دەدەن لەبەرچاوی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان بێبایخی بکەن و بڵێن زمانی کوردی زمانێکی لاوەکی و ناوچەییە تەنیا بۆ ئاخاوتن لە ماڵەکان بەکەڵک دێ.

بۆیە دەبێ بەوریایی و وشیارییەوە بڕوانینە پیلان و فرت و فێڵەکانی نەیارانی زمان و نەتەوە کەمان. لە کۆتاییدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی، یان زمانی دایکی، پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لە ڕۆڵەکانی بەوەفای نەتەوەی کورد دەکەین و هیوادارین، هەمیشە پارێزەری زمانی شیرینی کوردی بین.

ئەسرین عاسی شوانی

زمان، شوناس و فەرهەنگە

زمان بە پێناسەو بنەمای سەرەکی هەر نەتەوەیەک دادەنرێت و یەکێکە لە پایەکانی پەیژەی ناسینی نەتەوە،بەجۆرێک لە ڕێگای زمانەوە،کەلتورو فەرهەنگ شوناسی نەتەوەکان لە جیهان دا دەناسرێتەوە.

ڕۆژی جیهانی زمانی دایک بۆ ئەو کاتە دەگەڕێتەوە،کاتێ پۆلیسی پاکستان بەفەرمانی دەوڵەت لە ٢١ی شوباتی ١٩٥٢ تەقەیان لە ژمارەیەک قوتابی مانگرتوی زانکۆی بەڕەگەز بەنگلادیشی کرد،لەکاتی مانگرتنیان و داواکاریان بۆ بەکارهێنانی زمانی بەنگلادیشی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی پاکستان،بەهۆی ڕێزنەگرتن لە داواکاریو خۆپیشاندانەکەیان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانی ئەو وڵاتەوە چەندین قوتابی گیانیان لەدەست دا.

بۆیە لەلایەن ڕێکخراوی کەلتوری نەتەوە یەکگرتوەکان (یونسکۆ)٢١ی شوباتی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی جیهانی زمانی دایک دەسنیشان کرا وەک ڕێزێک بۆ سەرجەم زمانەکانی جیهان،بەهۆی ئەو ڕووداوەوە ساڵی ١٩٩٩بە مەبەستی ڕێزگرتن و نرخ بەخشین بەسەرجەم زمانەکانی نەتەوەکانی جیهان (یونسکۆ) ڕۆژی ٢١ شوباتی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی زگماکی دەستنیشان کرد.

بەگشتی زانایانی بواری زمان، زمان بەو دیاردەیە شرۆڤە دەکەن و وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی گرتن و لێکگەیشتن بەکاردەهێنرێت، بەڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆشنبیری ناوی دەبەن،بۆ پاراستنی کەلتوری نەتەوەکان و گواستنەوەی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

بەپێی دوا زانیاریەکان بێت لە جیهان دا نزیکەی شەش هەزارو حەوت سەد زمان لە جیهان دا هەن،مەترسی لەناوچونی زمانیش بەردەوامی هەیەو بەپێی دوا ئامارەکان بێت لە ساڵی ١٩٥٠وە نزیکەی ٢٠٠ زمان لەناو چون،پسپۆڕان و شارەزایانی بواری زمان پێیان وایە لەسەد ساڵی داهاتوودا نیوەی زمانەکانی جیهان لە لێواری لە ناوچون و هەڕەشەی نەمان دان،چونکە لە ئێستادا ١٨٤ زمان لە جیهان دا کەمتر لە ١٠کەس بەکاری دەهێنن.

سەبارەت بە زمانی کوردی،هەرچەندە زمانێکی دەوڵەمەندو چەندین زاراوەو دیالێکتیکی جیاوازی هەیە،بەڵام جێگای داخە تا ئێستا خاوەنی زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو نیە،هەرچەندە سەرەڕای هەڕەشەو قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە پارچەکانی کوردستان زمانی کوردی کاڵ نەبوتەوە و لەبەرەو پێشچونە،ئەوەش نەک لەسەر دەستی دامودەزگا دەوڵەتی و حیزبیەکان بەڵکو لەلایەن ڕۆشنبیران و هونەرمەندان و خوێنەوارانەوە زمانی کوردی پەرەی پێ دراوەو بە زیندویی هێڵدراوەتەوە.

وەک ئاماژەمان پێدا زمانی کوردی لە چەندین زاراوەو دیلێکتیک پێک هاتوە کورد لە کوردستان بە چوار زاراوەی سەرەکی قسە دەکەن وەک:-

* زاراوەی کرمانجی باکور (کرمانجی):- بایەزیدی،بۆتانی، هەکاری، بادینانی. شەمدینانی، زاراوەی ڕۆژئاوا.
* زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی):- موکریانی،سۆرانی، سلێمانی، گەرمیانی.
* زاراوەی کرمانجی خواروو (لوڕ):- لوڕی ڕەسەن،بەختیاری، مامەسێنی،کۆهگلۆ، لەک و کەلهوڕ.
* زاراوەی گۆران:- گۆرانی ڕەسەن،هەورامانی، باجەلانی و زازا.

سەرەڕای دیاری کردنی ڕۆژی جیهانی زمانی دایک لەلایەن ڕێکخراوی کەلتوری نەتەوەیەکگرتوەکانیشەوە زمانی کوردی

لە باکورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان قەدەغەیەو مافی کەلتوری و خویندنیان بە زمانی کوردی وەک پێویست دەستەبەر نەکراوە، جگە لە باشوری کوردستان زمانی کوردی لە پاڵ زمانی عەرەبی زمانی فەرمی و ڕێگەپێدراوە پێکهاتەکانی تری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە ڕێگەیان پێ دراوە بە زمانی خۆیان بخوێنن و قسەی پێ بکەن بە بێ هیچ ڕێگریەک.

د. ئالا سەرتیب کاکەیی، پسپۆری نەشتەرگەری منداڵان و منداڵە ناکامەکان بەم جۆرە ئاماژە بە سودو چۆنیەتی شیرپێدان بە منداڵ دەخاتەڕوو



-نابێت شیری مانگا بدەین بەمنداڵی خوار یەک ساڵ:

شیری مانگا ڕێژەی پرۆتینی زیاترە لەشیری دایک کە دەبێتە هۆی بریندارکردنی ناوپۆشی کۆئەندامی هەرس و زیان بەگورچیلەی منداڵەکە دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی کەم خوێنی منداڵ، چەوریەکەی ناگونجێت لەگەڵ منداڵی ساوا. هەروەها دەبێتە هۆی هەستیاری بە شیری مانگا.

دەڵێن خۆم شیرم نیە یان شیرم کەمە دەمەوێ شیری قوتو بدەمە منداڵەکەم ئایا باشەیان خراپە؟

شیری قوتو کە هەرگیز ناگاتە سوودەکانی شیری دایک، بەڵام زۆری ئەو شیرانە چەندەها گۆرانگاری بەسەردێت بۆ ئەوەی نزیک بێت لە ڕێژەی پرۆتین و ئاسن، شیری دایک چەندەها کانزایی بەسوودی تێدایە کە گونجاوە لەگەڵ منداڵ و یارمەتی گەشەی دەدات.

سوودی شیری دایک بۆ منداڵ چیە؟

١- بەهێزکردنی بەرگری لەشی بەهۆی ئەوەی کە چەند پرۆتینی تێدایە منداڵ دەپارێزێت لەهەوکردنی بە بەکتریا و ڤایرۆس.

٢- دەیپارێزێت لەنەخۆشیە درێژخایەنەکان وەک قەڵەوی و شەکرە و نەخۆشیەکانی دڵ.

٣- بەهێزکردنی مێشک و زیرەکی.

٤- سۆزو خۆشەویستی لەنێوان دایک و منداڵ بەهێزتر دەکات

ئەو منداڵانەی بە پێشوەختە لەدایکدەبن و شیری دایکیان دەخۆن فەرمانی دڵیان باشترە بەبەراورد بەوانەی شیری قوتوو دەخۆن، هەروەها بەرگری لەشیان بەهێزتر دەبێت و ئەگەری تووشبوونیان بەهەوکردنی بەبەکتریاو ڤایرۆس کەمترە.

دایک چۆن دەتوانێت شیرەکەی زیاد بکات بۆ کۆرپەلەکەی؟

بەخواردنی خۆراکی تەندروست وەک سەوزەو میوەکان کە دەوڵەمەندن بە ریشاڵەکان و ماسی کە سەرچاوەی ئۆمێگا سێیە و سپێناغ و گێزەر و سیر و بەزالیا و شیری مانگا و بادەم و، زۆر خواردنەوەی ئاو و شەربەتی سروشتی.

دڵخواز عەجیل

زمان ژیانە

ئەدیبا عیزەدین تاهیر

> هەیا کو ل دویماهیکێ تێگەهشتم کو زمانێ من نیشانەیا هێما و نەتەوەیا منە و زمانێ کوردییە و هەر وەسا کو من خاک و هێز و ئالایا خوە هەیە مینا وێ ژی من زمانەک تایبەت هەیە من چاند و کلتوور ئان ژی فەرهەنگەک هەیە کو ژێڕە دبێژن کوردی ڤێجا من زانی کو ئەز کوردم و کوردستانی

ئایا هەیا نها مە هزر دوێ چەندێ دا کرییە کو زمان بابەتەک زۆر پڕبوهایە و دڤیا ئان ژی دخوەست کو ل هەر جهەک کو ئەم لێ دژین پێدڤییە کو ئەم زمانێ خوە بپارێزین؟؟

زمان نیشانە و هێمایا هەڕگەل و نەتەوە و میللەتەکە کو پێڕا تێت ناسکرن ئانکو ئەم دکارین ببێژین کو زمان د ڕاستیدا ناسنامەیا هەر نەتەوەیەکە کو پێڕا دئاخڤن ئەوژی ئەم ژێڕە دبێژین زمانێ دایک.

هەر گەل و نەتەوەیەک ی زمان و چاند و خاک و هێزا خوە تێت ناس کرن.

لێ ئەم ل کوردستانێ هەر ب زمانێ دایک دئاخڤین ئەز د گەل وێ چەندێمە کو هەر زمانەک کو مرۆڤ ژ خوە ڕە بزانبت و فێر ببت زور باشە لێ زمانێ دایک زمانەک تایبەتە و نیشانەیا گەلێ مرۆڤیە .

گەلەک جاران دەما من هزر دکر من ددیت کۆ لێ وەڵاتێ بیانی زمانێ من زۆر جێواز و تایبەتە و جێوازیەک زور ئەشکرا هەیە دگەل وەڵاتێن دن هەر وەسا خاکا من و کلتوور و چاندێ من ئوو جل و بەرگێن من زور جێواز بوون،ب ڕامانا هندێ کو ئەز ژ گەل و نەتەوەیەکم لێ ڤێ جیهانێدا کو ژێڕە دبێژن کورد و زمانێ کوردی زمانێ منە و ئەز ب کوردی د ئاخڤم .

دەما کو ئەم لێ وەلاتەکێ دن مینا ئاوارەیەک دژیان من زمانێ وان بخوە گرت نێ دگەل هندێ ژیدا من ب زمانێ خوەژی دئاخفت ژ بەر کو پەروەردەیا دەیک و باڤێ من وەسا ئەم فێم کربوون کو من مافێ ئاخفتنا زمانێ بیانی د مالێدا نەبوو ژبەرکو دەیک و باڤێ من ئەم فێر کربوون کو دێ مالدا نابت ئەم ب زمانێ بیانی بئاخڤین بەلکو ئەم وەسا پهاتبین پەروەردە کرن کو ئەم زمانێ خوە یێ دەیک بئاخڤین و هەردەم دگوتێن مە کۆ زمانێ مە جێوازە و زمانێ مە یێ تایبەت ب مەڕەیە مەعنا مە ژی گەل نەتەوایا خوە ئو زمان و کلتوور و چاندا خوە هەیە لێێ داگیر کەرێن وەڵاتێ من ئەم

بەرەف ئاوارە بوونێ برین نێ د وەڵاتێن بیانی ژیدا هەر مە زمانێ خوە یێ باب و کالان ژبیر نەکر،هەر ژ بەر ڤێ چەندێ ژی من گوت کو دڤێت مروڤ زمانێ خوە یێ دەیک فێری زاروکێن خوە بکەت و پەروەردەیەک هەژی بدەت زاروکان هەیا کو ئەو زمانێ خوە یێ ڕەسەن ژبیر نەکەن.

زور جاران من هزر دکر کو ڕامانا ڤان هە مییان چییە ؟؟؟!!!

هەیا کو ل دویماهیکێ تێگەهشتم کو زمانێ من نیشانەیا هێما و نەتەوەیا منە و زمانێ کوردییە و هەر وەسا کو من خاک و هێز و ئاڵایا خوە هەیە مینا وێ ژی من زمانەک تایبەت هەیە من چاند و کلتوور ئان ژی فەرهەنگەک هەیە کو ژێڕە دبێژن کوردی ڤێجا من زانی کو ئەز کوردم و کوردستانی، نەتەوەیا من و کلتوور و زمانێ و کوردییە و خاک من کوردستانە، نێ من ئەڤە ژی زانی کو هەیا کو ئەز ب کوردی بئاخڤم و ب کوردی بخینم و ب کوردی بنڤیسم کەس نکارت کوردستان من ژ من دوور بکەت.

بەهێزی نەتەوەیەك پەیوەستە بە بوونی ئاخێوەرێكی زۆری

زمانی دایک چونکە زمان ناسنامەو شوناسی نەتەوەیەکە

زمانی دایک یەکەم زمانە کە تاکەکان فێری دەبن لە خێزانەوە وەری دەگرن هەر لە قۆناغی منداڵیەوە تاکو گەورەبوون، واتە منداڵ لە دایکیەوە فێری دەبێت و بەو زمانە قسە دەکات کە دایکی قسەی پێدەکات،بۆ نموونە زمانی دایکێکی کوردێک کە زمانەکەی کوردیە منداڵەکەش هەمان زمانی دایکی وەردەگرێت،واتە زمانی کوردی،بۆ زمانی ئینگلیزی و عەرەبی و تورکی و فەرەنسی و ئەڵمانی و چینی .. هتد هەمان هاوکێشە راستە دەتوانین بڵێین زمانی دایک بە میراتێکی مەعنەوی دادەنرێت بۆ مرۆڤەکان.

بۆچی زمانی دایک گرنگە؟

زمانی دایک ئەو زمانەیە کە لەگەڵ منداڵەکانت قسەی پێ دەکەیت و یەکەم زمانە کە فێری دەبن. ئەمە یەکەم پەیوەندیانە لەگەڵ ئێوە،وە لەگەڵ باقی خێزانەکان و کلتورەکەیان و کۆمەڵگاکەیاندا کە تێیدا دەژین. ئەمە یەکەم زمانە کە ئەوان بەکاری دەهێنن بۆ فێربوون دەربارەی جیهانی دەوروبەریان.

رۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێک بە رۆژی جیهانیی زمانی دایک دانراوە لە هەموو جیهان یادی دەکرێتەوە،چەندین کۆنفرانس و وۆرک شۆپ و چالاکی جۆراوجۆر یادی ئەم رۆژە دەکرێتەوە . لە جیهاندا شەش هەزار زمان هەن، بەڵام زۆریان مەترسی لەنێوچوونیان لەسەرە و بەشێکی زۆری زمانەوانان و لێکۆڵەرەوان ساڵانە داتاکان ڕادەگەیەنن لەم بارەوە،وە زۆرێک لە زمانەکان لەگەڵ دروستبوونی مێژووی مرۆڤایەتیەوە بەشێکی زۆر لە زمانەکان لە ناوچوون و نەماون بە هۆی نە بوون و نەمانی ئاخێوەر و قسەپێکەرانی زمانەکە. بەپێی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان و لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن بەشێکی زۆر بە (سەد زمان قسە دەکەن)، زمانی کوردیش لە ڕیزبەندی زمانە زیندووەکانی جیهاندایە.

زمان گرینگی و بایەخێکی زۆری هەیە کە لە کۆمەڵێک هێماو یاساو ڕێسای زارەکی پێکهاتووە بە ئامرازێکی گرینگ و سەرەکی دادەنرێت بۆ ڕێکەوتن و لە یەکتر تێگەیشتنی تاکەکان لە نێو یەکتردا. گفتوگۆ و ئاخاوتن پەیوەندیەکی زارەکیە بە کاریگەرترین جۆری پەیوەندیکردن دادەنرێت لە نێو تاکەکاندا. سۆز و بیر دەوروژێنێ، پێوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان خەڵک بەهێزدەکات، زانیارییە ئاساییی و گرنگەکان دەگوازێتەوە، هۆیەکە لە هۆیەکانی دەربڕینی بیر و گوزارشت کە لە هەستی مرۆڤدا بوونیان هەیە .

هەر نەتەوەیەک خاوەنی زمانێکی تایبەت بە خۆیەتی و پێویستە هەموو تاکێک لە هەر نەتەوەیەکدا بێت ئەوە بزانێت کە زمان ناسنامەی نەتەوەیە هەروەها فاکتەرێکی مانەوە و بەهێزی هەر نەتەوەیەک لەسەر بوونی ئاخێوەرێکی زۆری زمانەکەی وەستاوە،هەرچەندە قسەپێکەرانی زمانەکە زیاتربێت ڕۆڵ و پێگەو بەهێزی نەتەوەکە لە جیهاندا دیارتر دەبێت.

زمان تەنیا ئامرازی پەیوەندیکردن نییە بۆ دەربڕینی سۆز و بیرکردنەوەکان، بەڵکو بنەمایەکی زۆر گرنگە بۆ ڕووداو و مانەوەی نەتەوەکان.تەنانەت هەموو نەتەوەکانی جیهان لەسەر جۆر و گرنگی و بەهای دیاریکراوی وەک: (زمان، کولتوور)ەوە لە باب وباپیرانەوە بوونیاد نراون، ووردە ووردە ئەو کەسانەی کە بەهەمان زمان قسەیان کردوە لە کەمەوە بوون بە کۆمەڵگا و دواتر بوون بە خاوەنی نەتەوە پاشان هەر ئاخێوەرانی ئەم زمانە پاراستوویانەوە نەوە لە دوای نەوە پارێزگاریان لە فەرهەنگ و کلتووری زمانەکە کردووە، لەبەر ئەم هۆیەیە کە زمان گرنگییەکی زۆری هەیە لە ژیانی گشتیدا.

(ئەڤرام نوام چۆمسکی کە بە باوکی زمانناسی مۆدێرن دادەنرێت) زمانناس و فەیلەسوف و بیرمەند و چالاکوانی سیاسی بەناوبانگی ئەمریکیە، سەبارەت بە زمان دەڵێت : زمان بە تەنها ووشە نیە، بەڵکو زمان کلتووره،نەریتە،ڕێکخەری کۆمەڵگایە .سەرلەبەری مێژووە کە بەردەوام پێمان دەڵێت،،کە ئەمانە هەموویان لە زماندا بەرجەستە کراون .

بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە زمان بە کلتوری نەتەوەیەک دادەنرێت . ئەرکە سەرەکییەکەی زمان ئەوەیە هەر شتێک پەیوەندی بە کەلەپوور و نەتەوەو فەرهەنگەوە هەبێت، لە لەناوچوون دەیانپارێزێت .

ئایا زمانی دایک لە ناو کوردا لە چ ئاستێک دایە؟

وەک دەزانین زمانی کوردی لە پێنج زاری سەرەکی پێکهاتوون و بەسەر چەند شێوەزارێکدا دابەش بووە،کە بەپێی ناوچەی جوگرافیای کوردستان،زار و شێوەزارەکان جیاوازن . بێگومان دابەشبوونی کوردستان بۆ چوار پارچە وای کردووە کە هەندێک لە دیالێکتەکان لە ناوبچن بە هۆی ئەوەی کە زمانی کوردی تێیاندا قەدەغەکراون، دابەشکردنی کوردستان بۆ چەند پارچەیەک کاریگەری هەیە لەسەر کەمبوونەوەی ئاخێوەرانی زمانی کوردی، چونکە ئازاد نین لە بەکارهێنانی لە خوێندن و نوسین بە زمانەکە لە بەشێکی ئەو وڵاتانەی کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە بۆتە یەکێک لە کێشەکان بۆ زمانی کوردی، بۆیە پێویستە گرنگییەکی زیاتری پێبدرێت و بەتایبەت لەڕووی دانانی زمانێکی ستاندارد، چونکە دەبێتە هۆی زیاتر بەهێز کردن و بڵاوبونەوەی زمانەکە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و جیهانی. چونکە بوونی زمانێکی ستانداردی کوردی، پێویستیەکی هێندە گرینگە بۆ پرسە سیاسیو مێژوویی و کولتووری و کۆمەڵایەتیەکان کە مانای کورد بوون و بوون بە دەوڵەت و، پاراستنی کولتوورو فەرهەنگ، دەربازبوون و تێپەڕاندنی بیری ناوچەگەری، پێشکەوتن و شارستانیەتی کۆمەڵگا، دەگەیەنێت.

هەروەها گرینگە پارێزگاری بکرێت لە زمانەکە بە جۆرێک کە زیاتر ووشە کوردی و پەتیەکان بەکاربهێنن،بتوانن فەرهەنگی ووشەکان بپارێزن بۆ ئەوەی زمانەکە لەشێوان و تێکەڵی بە دووربگرن.

چی باشە بکرێت بۆ ئەوەی منداڵان کەفێری زمانی دایکیان دەبن هەموبنەماو کلتوور و شوناسی ئەو زمانە فێربن کە لە دایکیان وەری دەگرن ؟

بەپێی هەموو ئەو توێژینەوانەی کە لەلایەن زمانناسان ئەنجام دراوە، پێویستە منداڵ یەک زمان کە لە دایکیەوە فێردەبێت زۆر بە باشی فێری هەموو ئەو بنەماو ڕێسایانە ببێت کە لە زمانەکەدا هەیە. دەبێت دایک و باوکان لە گرنگی ئەم کارە تێبگەن و منداڵەکانیان بە بەردەوامی هان بدەن بۆ ئەوەی لەسەرەتادا زمانێکی پاراو فێر بنن،دواتر هەوڵی ئەوە بدەن کە زمانی دووەم بۆ تێکەڵاوبوون بە جیهانی دەرەوە فێربن کە دوای زمانی دایک ئینجا زمانی دووەم بایەخی پێبدەن کە ئەمەش گرنگی خۆی هەیە لەپاڵ زمانی دایک دەبێتە هۆی کرانەوەی بیرو ئەندێشەی منداڵ واتە ئەوانەی فێری زمانی دیکە، جگە لە زمانی دایک دەبن، کراوەتر بیردەکەنەوە. هاوکات ڕێخۆشکەرە بۆ باشتربوونی کوالیتیی ژیانیان کە دەبێتە هۆی پێشکەوتنی هۆشیاریی کولتووری هەروەها فیربوونی زمان دووەم لە دوای فێربوونی زمانی یەکەم سوود بە مێشکی منداڵ دەگەیەنێت و کارکردنی مێشک چالاکتر دەکات .

ڕێژین قاسم محمود

لەتاراوگەوە

فه زیله شۆرش - هۆڵەندا

خوێندنی پەرتوكێك واڵابوونی دەرگایەكە بۆ فەرهەنگ و رۆشەنبیری

خوێندنی پەرتووک جوانترین کلتوورە، لەوڵاتانی پێشکەوتوو بۆ بەهێزکردنی هزر و بیریو دوورنەکەوتنی مرۆڤ لەڕووناکبیری بایەخی زۆر بە خوێندنی پەرتووک دەدرێت، کاتێک مرۆڤ پەرتووکێک یان گۆڤارێک دەخوێنێتەوە کۆمەڵە زانیاری لەهزر و مێشکیدا چاپ دەکات و ئاستی زانیاری و بیر و قسەکردنی بەرز دەبێتەوە، ئەمە دەبێتە رێنیشاندەرێک لەژیانیدا.

کلتووری خوێندنەوە لەماڵەوە دەست پێدەکات، پێویستە دایک و باوک، کات و بەرنامەیەکی بەرچاویان هەبێت بۆ خوێندنی پەرتووک بەتایبەتی لەگەڵ منداڵەکانیان، گرنگە قوتابخانەش بەردەوامی بەم کلتوورە بدات. لەهۆڵەندا بۆ نموونە، زۆربەی زۆری ئافرەتە دووگیانەکان پەرتووک بەدەنگێکی بەرز بۆ کۆرپەکەکە ناو سکیان دەخوێنن، پاش منداڵ بوونیشیان بە بەردەوامی پێش حەوتنی منداڵ پەرتووکی بۆ دەخوێننەوە. لەقوتابخانە سەرەتاییەکانیشیان هەموو هەفتەیەک قوتابیەکات پەرتووکێک لە پەرتووکخانەی قوتابخانە دەبەنە ماڵەوە بۆ خوێندنەوەی، لەکۆتایی هەفتە دەیگەرێننەوە، لەدوا پۆلی سەرەتاییان، قوتابخانەکان پێشبرکێی خوێندنی پەرتووکی دەرەکی لەئاستی قوتابیەکان لەنێو قوتابیەکان و قوتابخانەکان دەکەن.

هەر لەم وڵاتەش بۆ هاندانی خەڵک بۆ خوێندن بێئەوەی پارە لە کرینی پەرتووک سەرف بکات، خەڵکانێک وەک کتێبخانەیەکی بچووک (جامخانەیەک) لەپێش دەرگای خۆی دانەوە کە لەزۆربەی شوێنەکان ئەمە بەرچاو دەکەوێت، لەسەری نووسراوە (پەرتووکێک ببە بخوێنە و پەرتووکێک لە جێگای دانێوە) واتە ئەو پەرتووکەی خۆت کە نایخوێنی لەناو جامخانەکە دانێ و کتێبێک بۆ خۆت لە جامخانەکە ببە. ئەوان باوەریان بە کتێبخانە وەک ناوەندێکی فەرهەنگی و فێرکاری و رۆشەنبیری هەیە و خوێندنی هەر پەرتوکێک واڵابوونی دەرگایە بۆ فەرهەنگ ورۆشەنبیری، کەواتە بایەخدان بە پەرتووکخانە چ لەماڵەوە چ لەدەرەوە بایەخدانە بە دوارۆژی کۆمەڵگە و هرز و رۆشەنبیری مرۆڤە.

ئـــافرەتانی کورد تا چ ڕادەیەك توانیویانە گرینگی بە ئیرادە و تواناکانی خۆیان بدەن ؟

ئافرەتانی کورد هەمیشە شان بەشانی پیاوان لە کۆمەڵگای کوردیدا توانیویانە ئەو ئامانجانە بپێکن کە ووستوویانە

”ئەو ئافرەتانەی کە ئێستا لە بوارێکی گرنگدا کاردەکەن کۆمەڵگا دەستی نەگرتوون و هێزی پێ نە داون بەڵکو توانا و وزەی خۆیان هەبووە کە وای کردووە ئەو کار و پیشانەی کە نەخوازراو بوون ئێستا خوازراو بن

بـــە دڵنیاییەوە ئەگەر باس لـــە ئیرادە و متمانە بە خۆبوون بکەین گەلێک پێناسەی جیـــاواز لە خۆی دەگرێـــت هەر تاکێک لە لایـــەن خۆیەوە دەتوانێت بـــە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕوانگەی خۆیەوە باسی بکات، کـــە تەعبیر لە خودی خـــۆی بکات،بوونی ئیرادە و متمانە بـــوون بە خود دەتوانین بڵێین،کرانەوەی دەروازەیەکە بۆ سەرکەوتن.

بوونـــی ئیرادە لە لایـــەن هەرتاکێک لە ئێمە هەنگاوەکانی ســـەرکەوتنمان نیشان دەدات،واتە ســـەرکەوتن دەکەین بە بنەماو پێوەرەکانـــی ژیانمان. ئەگـــەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە یاخود ســـەیری مێژووی مرۆڤایەتی بکەین، بێگومان ئەوە دەبینین کە زۆربەی ئەوکەسانەی کە سەرکەوتنێکی سەرسوڕهێنەریان بە دەســـتهێناوە بوون بەخاوەنی ئەوەی شتەی کە ئاواتە خوازی بوون،بـــەڵام کە تێبینـــی بکەین بە ڕوونی ئـــەوە بەدی دەکەین کە خـــاوەن ئیرادەی پۆڵاین بوون.

بوون بـــە (داهێنەر،بەرهەم هێن،زانا و فەیلەســـوف،توێژەر و لێکۆڵەری بە تواناو ســـەرکردە و ڕابەری گـــەل و نەتەوە) کە ئێستا مێژوو باســـیان دەکات و شانازیان پێوە دەکات ســـوود لەو لێهاتوویەی ئەوان وەردەگرێـــت، بـــەڵام ئـــەوان متمانەیان بەخۆیـــان و کەســـایەتی و هەوڵدانەکانی خۆیان هەبووە تا دواجار گەشـــتوون بە و ئامانجانە کە وویستوویانە.

ئافرەتانی کورد خاوەن ئیرادەن بڕوایان بە توانای خۆیان هەیە

ئافرەتانی کورد هەمیشـــە شان بەشانی پیاوان لە کۆمەڵگای کوردیدا توانیویانە ئەو ئامانجانە بپێکن کە ووســـتوویانە،ئیرادەو متمانـــە بە خۆبوونیان ڕۆژ بـــە ڕۆژ زیاتر و زیاتر گەشـــە دەســـێنێت،ئەو بابەتانەی کە پێشـــتر لە لایەن کۆمەڵـــگاو کلتووردا قەدەغەکراو بوون لە ئێســـتادا ئەم حاڵەتە نەماوە،خانمانیش هەموو ئەو کارانە دەکەن کـــە تەنها لـــە لای پیاوان ڕێگـــە پێدراو بوون،بەڵام بە خۆشحاڵیەوە ئێستا خانمان توانیویانە ئە لاسەنگیە نە هێڵن،کە ئەمەش لەڕێگای سەرکەوتنی ئافرەتی کردەوەیە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا،ئەو هەوڵ و ئیرادە زۆرەی کە خانمان لە خودی خۆیاندا گلیان دابۆوە توانیان نیشـــانی بدەن کە دەتوانن چـــی بکەن و چی بەرهەم بهێنن لە هەموو سێکتەرەکانی ژیاندا.

بـــوون بە خـــاوەن بڕیـــار و ڕۆڵی کارا دەگێڕن، تەنانـــەت وایان لە کۆمەڵگا کرد دەبێت قبوڵی هەموو ئەو گۆڕانکاریانە بکەن کە ئافرەتانیش هەرچیەکیان مەبەست بێت بەو ئیرادەو متمانەیەی کە هەیانە بە خودی خۆیان دەتوانن بەدەستی بهێنن،کۆمەڵگە لە و بیرو باوەڕە چەق بەســـتووەی پێشتر دەربهێنن. لە ئســـتادا ئافرەتانی کورد لە هەمـــوو بوارەکانی ژیاندا کە لە کۆمەڵگادا هەیە دەتوانن کاربکەن و شـــوێن پەنجەی سەرکەوتنیشیان دیار بێت بەبێ شێواندنی ئاکارە پیرۆزەکانی کۆمەڵگا. بێگومان بۆتە پڕکەرەوەی هەموو ئەو کەم و کوڕیانەی کە پێشتر بە زەقی دیاربوون.

بۆ نموونە کاری)پزیشکی و ئەندازیاری و ســـەرکردایەتی کـــردن و بەڕێوەبردن و پۆلیس و شـــوفێری و دوکانداری و بزنس و بازرگانی زۆر بواری تر(... کە کۆمەڵگا پێویســـتی زۆری پێیانـــە، کە پێشـــتر بە دەگمەن لەو بوارانـــەدا ئافرەتان دەبینران کـــە ئەمەش بە هۆی داخراوی کۆمەڵگابوو لە ئاســـت پێشـــکەوتنەکان یـــان بەهۆی کلتـــورو داب و نەریتـــەکان بـــوون بوونە ڕێگـــر لەبەردەم گەشەســـەندن کە جیهان بەخۆیەوە بینیوە.

ئەو ئافرەتانەی کە ئێســـتا لە بوارێکی گرنگـــدا کاردەکـــەن کۆمەڵـــگا دەســـتی نەگرتوون و هێزی پێ نە داون بەڵکو توانا و وزەی خۆیان هەبووە کە وای کردووە ئەو کار و پیشانەی کە نەخوازراو بوون ئێستا خوازراو بن، چونکە ئەو گەشەسەندنەی کە هەیە و کراوە بۆ پڕکردنەوی پێداویستیەکان و جوانکردن و پێشخســـتنی کۆمەڵگا بووە نەک شێواندنی.

ئافرەتانی کورد لە ڕابردووەوە بە بەڵگە ئەوەیان ســـەلماندووە کـــە بوونیان هەیە و گرنگن لە هەموو ســـێکتەرەکانی ژیاندا .ئـــەو ئیرادەیەی کە هـــەر خودی ئافرەت توانیوویەتی باوەڕ بە توانا و لێهاتوویی و گەشبینی خۆی بهێنێت کە ئەو ئامانجانەی لە بیرو هزریدا دروســـت بووە بە ئەنجامی بگەیەنێت، خەون و ئاواتەکانی بهێنێتە دی . کەواتـــە ئەوانەی ئیرادەیان هەیە بڕوایان بە خۆیان هەیە تەنها ســـوودیان بۆ خۆیان نیە، بەڵکو سوودیان بۆ تەواوی مرۆڤایەتی هەیـــە، چونکە بـــەرهەم و داهێنانەکانیان ڕۆژانە لـــە لایەن مرۆڤایەتیەوە ســـوودی لێوەردەگیرێت.

ڕێژین قاسم محمود

لە هێلینەوە

– لـــە هەواڵێک کە لە "یورونیوز" بڵاو کراوەتەوە باس لەوە دەکات کە لە کۆتایی ئەمساڵ ئەندامانی ناتۆ دەبێ ســـەرۆکێک بۆ ڕێکخـــراوی" پەیمانی ئاتلانتیکی باکـــوور" هەڵبژێرن، چونکە کۆتایی بە سەرۆکایەتی ئێســـتای ئەو ڕێکخراوە "ینیس اســـتولتنبرگ"دێت. هەربۆیە پێشنینی دەکرێت ژمارەیەک ئافرەت بۆ ئەو پۆستە کاندید بکرێن، وەکو "ترزا مەی"ســـەرۆک وەزیرانی پێشـــووی بەریتانیـــا، "ســـوفی ویلمز"ســـەرۆک وەزیرانی پێشووی بەلجیکیا، ئەمەش لە مێژووی ٧دەیەی چالاکییەکانی ناتۆ، یەکەم جارە ئافرەت بۆ ئەو پۆستە کاندید بکرێت.

– بە پێی هەواڵی "مهر" ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی کە لـــە بەشـــە جیاوازەکانی بواری زانســـت و ئەندازیاری لە وڵاتانی ئەندام لە یەکێـتی ئەورووپا کار دەکەن ڕۆژ بە ڕۆژ زیاد دەکات، بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٢٠ نزیکەی ٦،٦ میلیۆن زانا و ئەندازیاری ئافرەت لە یەکێـتی ئەورووپا کاریان کردووە، کە ئەو ئامارە ٪٤١ ئەو کەسانە پێک دێنێت کە لەو بـــوارەدا کار دەکەن، ڕێکخراوی ئاماری یەکێـتی ئەورووپا "یوروستات" لە ڕاپۆرتێکدا کە ڕۆژی ١١ ئەم مانگە بـــڵاوی کردۆتەوە، باس لەوە دەکات کە بەشـــداری ئافرەتان لەو بـــوارەدا بەراورد بە ساڵی ٢٠١٩، ٢٥٤هەزار و ٥٠٠ کەس زیاتر بووە، جێی باســـە کە ١١ شـــوبات بـــە ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لە بواری زانست دەناسرێت.

– نووسینگەی نوێنەرایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەککرتووەکان لە تویتیکدا ڕایگەیاند، ئەو چوار ئافرەتە چالاکوانەی لە ئەفغانستان ماوەیەک لە مەوبەردەستبەســـەرکرابوون وهیـــچ هەواڵێکیان نەبوو، ڕۆژی یەکشـــەمەی ڕابـــردوو ئازادکران، دەستبەســـەرکردن و بێسەروشـــوێنکردنی ئەو ئافرەتانـــە لە لایـــەن تالیبانـــەوە کاردانەوەی میدیایـــی ناوخۆیی و جیهانی بـــە دوای خۆیدا هێنا، بە جۆرێک کە لـــە نەتەوە یەککرتووەکان باس لەو بابەتە کرا ورەخنەیان لێگیرا و داوایان لـــە تالیبان کرد ئـــەو ئافرەتانە ئـــازاد بکرێن، لەوانـــە" ئەنجلینـــا جولی" ئەســـتێری ناوداری سینمای هالیوود و باڵیۆزی کاروباری پەنابەران لە نەتەوەیەککرتووەکان.

– بە پێی ڕاپۆرتی "تازە نیوز" لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەریخســـتووە کە نزیکەی ٧٥ ٪ ئافرەتانی سەرووی٣٥ ساڵ لە سەر ئەو بڕوایەن کە هەستی بڕوابەخۆبوونیان لە ژێر کاریگەری گرنگی دانیان بە پێستیان زیاتر بووە، ئەو دەرەنجامە لە سەر ٢هەزار ئافرەتی ئەمەریکی تەمەن ٣٥ ساڵ بەرەو ســـەروو دەرکەوتووە، لە بەر ئـــەوەی ئافرەتان بەردەوام نیگەرانن لە تێکچوونی پێستیان و هەر بۆیـــە بەردەوام هەوڵـــدەدەن گرنگی پێبدەن، و ئەو متمانەیەش زیاترلەو ئافرەتانە دەردەکەوێت کە بە پارێزگاریکردنی بەردەوام، پێســـتیان بە جوانی ماوەتەوە.

ئا:نەسرین حەسەن

بەسەرپەرشتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
www.helinmedia.org
ناسک سەعید
Nask.saeed@helinmedia.org
شەیما مستەفا
Shayma.mustafa@helinmedia.org